# دەستەی داکۆکی لە خواستەکانی خەڵکی کوردستان ـ ئوستراليا
# Form of Defence the Demands of People in Kurdistan-Australia

---

**هەمو ئەوانەی لە کوشتو کوشتارو سەرکوتی خەلکی کوردستان بەشدار بونە دەبیت سزا بدرین**

رژیمی فاشی بەعس بە دریژایی زیاتر لە 3 دەیە تەنها لە ریگای سەرکوت و کوشتو کوشتارەوە دریژەی بە دەسەلاتی خۆی دابو لە عیراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی.بەڵام لە ئاستی کوردستان دا ئەم کوشتو کوشتارو جینۆسایدیەی لە کۆتایی هەشتاکان گەیاندە ئەوپەری خۆی لە ریگای بەکار هینانی چەکی کیمیایی و کۆشتاری بەکۆمەڵی عەمەلیاتی بەدناویی ئەنفالەوە.
بەڵام ئەم رژیمە لەم جینۆسایدو کۆشتاری بە کۆمەڵە لە کوردستان هەروەک بۆ هەمووو لایەک ئاشکرایە لەم تاوانانەدا بە تەنها خۆی نەبوو بەڵکو کۆمەڵی خەڵکی بەکیرگیراوی هەبوو لەسەرەک جاشە ئاشکراو جاسوسە نهینیەکانی کە ئەمرۆ لە کوردستاندا زۆریان بەرپرسن لە دەسەڵاتی یەکیتی و پارتی دا .
لە چەند هەفتەی رابردووش ئاشکرا بوونی لیستیکی تر لە ناوی ئەو جاسوسانە لە رۆژنامەی هاووڵاتی و ئاوینە بۆتە هەواڵی گەرمی ئەمرۆی کوردستان و خەڵکی کوردستان رق و تورەیی دەردەبرن بەرانبەر ئەو تاوانبارانە.
بۆیە ئیمەش لە دەستەی داکۆکی لە خواستەکانی خەڵکی کوردستان_ئوستراليا ویرای مەحکوم کردنی ئەم کردەوە جاسوییانەیە ،داواکارین بۆ لیکۆڵینەوە لە ناوی ئەو کەسانەی هاتون لە ریگای پیک هینانی لیژنەودادگایەکی سەربەخۆو عادلانە بۆ سزادانی ئەو کەسانە کە تاوانیان کردەوە دەرهەق بە خەڵکی کوردستان و بەشدار بونە لەسەر کوتی خەڵک لە لایەن رژیمی بەعسەوە.

**ئۆکتۆبەری 2006**

---

Ph:  04022217864  - 0421170966   dastaaus@yahoo.com